

یەکشەممە 2010/8/29
ژمارە 293

# سێوە نەبی بچووکترین یاریزانی ئافرەتانی هەولێر: کێشەی سەرەکیی ئێمە نەبوونی یاریگەیەکی تەواوە



تۆپی دەستی ئافرەتانی هەولێر



سێوە نەبی مستەفای تەمەن 18 ساڵان گۆڵچیی تۆپی دەستی یانەی ئافرەتانی هەولێرە و لە هەمان کاتیش قوتابییە لە قوتابخانەی فریشتەی کچان، خەباتی وەرزش لە دەرفەتێکدا ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام دا و تیایدا تیشکی خستەسەر وەرزشی ئافرەتان و ئاستی یانەکەی کە ئێستا یاری دەکات.

**دیمانە: هاوار**

*** دەکرێ بزانین سێوە چۆن وەرزشی هەڵبژارد و کێ پاڵپشت و هاندەری بووە؟**

- وەک زۆرێک لە کچان، لە قوتابخانە دەستم بە وەرزش کرد، پێموایە وەرزش بۆ هەر قوتابییەک کە ئارەزووی هەبێت، بە تایبەتیش بۆ ئێمەی کچان، کە بتوانین بەهرەکانی خۆمانی تێدا ببینینەوە، بۆیە پێموایە ئەو قوتابخانەیە تەنها بۆ پەروەردە و خوێندن نییە، بەڵکە قوتابخانەی وەرزشیشە، من لەوێ لە چالاکی وەرزش بەشداریم دەکرد و توانیم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم، تاوای لێهات یانەی ئافرەتانی هەولێر داوام لێبکات و یارییان بۆ بکەم، بۆ ئەمەش دایکی خۆشەویستم و فەرهادی برام زۆر هاوکار و پاڵپشتم بوون و سوپاسیان دەکەم، هەروەها خۆم بە قەرزاری مامۆستا پەیمان دەزانم کە لە قوتابخانەی فریشتە زۆر هاندەرمە.

*** تا ئێستا بەشداری چ پاڵەوانێتییەکت کردووە؟**

- بەشداری پاڵەوانێتی کوردستان و ئێرانم کردووە، ئەمساڵیش خۆمان ئامادەکرد بوو بۆ پاڵەوانێتی ئێراق کە دووبارە بەشداری بکەین، بەڵام بەداخەوە لە کوردستان نەبوو، پاڵەوانێتییەکە لە بەغدا بوو نەمانتوانی بچین، ئەویش بەو مەبەستەی کە پاڵەوانێتی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

*** کێشەتان چییە وەک یاریزانێک؟**

- کێشەی سەرەکی ئێمە نەبوونی یاریگەیە، سوپاس بۆ ئەو یاریگەیەی بۆیان دروست کردووین، بەڵام تەواو نەکراوە و سەری دانەخراوە، دیارە بۆ ئێمەی ئافرەتیش هەموو کاتێک بمانەوێت ناتوانین مەشق بکەین، بۆیە داواکارین یاریگەکەمان بۆ تەواو بکەن.

*** تا چەند لە ڕاهێنەرەکەت ڕازی؟**

- بەڕاستی زۆر لە ڕاهێنەرەکەمان مامۆستا ریهەنگ ڕازین، چونکە تا ئێستا ڕاهێنەری وا باشمان نەبووە، ئەو ڕاهێنەرێکە زۆر بایەخمان پێدەدات و هانمان دەدات و دەتوانم بڵێم یەکێکە لەوانەی کە وای لە من کرد بەردەوام بم لە وەرزش و لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی بکەم.

*** نزیکترین یاریزان لە تۆ کێیە؟**

- سەروین یەکێکە لە هاوڕێیە خۆشەویستەکانم و پەرێز و دلڤین و هەموو یاریزانەکانی دی خۆشەویستن لەلام و سوپاسیان دەکەم، هەروەها ئەو یاریزانەی تازە بۆمان هاتووە.

*** وەک یاریزانێک ئاواتی دوارۆژت چییە؟**

- هیواو ئاواتم ئەوەیە کە ئەمساڵ بتوانین پلەی یەکەم لە پاڵەوانێتی کوردستان بە دەست بێنین.

*** لە چ یاریزانێک دەترسێیت؟**

- بەدڵنیاییەوە دەیڵێم لە هیچ یاریزانێک ناترسێم و نەترسام، تەنها سەرسامم بەهەر یەک لە یاریزانان دلاران و سەروین و دلڤین و ڕێزان.

*** چ کاتێک هەست بە خۆشی دەکەیت و چ کاتێکیش دڵگران دەبێت؟**

- ئەو کاتەی دەبەینەوە زۆر دڵخۆش دەبم، بەڵام دڵگران دەبم لەوەی زۆرجار داوا لە یانەکانی وەک ئاکرێ و کۆیە و قەڵا دەکەین بۆ یاریکردن، داواکەمان ڕەتدەکەنەوە و یاریمان لەگەڵ ناکەن.

*** دوور لەو پرسیارانە سەیری چ یارییەک دەکەیت؟**

- یەکێکم لەوانەی کە یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانیم زۆر خۆش دەوێت، سەیری هەموو یارییەکانی دەکەم، هەروەها بە ئاستی کاسیاسی گۆڵچیش زۆر سەرسامم.

# گەشتەکەی بن هەمام

**سەلام حوسێن***

لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو محەمەد بن هەمامی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا بەسەردانێکی فەرمی یەک ڕۆژە لە ڕێگای فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرەوە گەیشتە پایتەختی هەرێم و لەو گەشتە یەک ڕۆژەشیدا بن هەمام زۆربەی شوێنە وەرزشی و ناوەرزشییەکانی بەسەرکردەوە کە گرنگترینیان پرۆژەی ئەلهەدەف بوو کە ماوەیەک لەمەوبەر بەسەرپەرشتی یەکێتی تۆپی پێی فیفا بەردی بناغەی دانرا، جا ئەوەی جێگای ئەوەیە قسەی لەبارەوە بکەین بایەخ و گرنگی ئەو گەشتەیە کە دانپێدانێکی فەرمی تۆپی پێی ئاسیا و جیهان بەرەوشی وەرزشی کوردستان دەگەیەنێت، هەروەها هۆکارێکی سەرەکیشە بۆئەوەی پەرە بە چالاکییە وەرزشییە فەرمی و نافەرمییەکان بدەین کە لە شاری هەولێر بەڕێوەدەچێت، چونکە هەموو ئەمانە تەکانێکی زۆر بە ڕەوشی وەرزش دەدات، بە تایبەتیش تۆپی پێ، بۆیە دەبێ ئێمەی وەرزشوان بتوانین سوود لەو دەرفەتە زێڕینە وەربگرین، چونکە ئەوەیان بە ئاسانی بۆمان هاتۆتە بەرهەم. خاڵێکی دیکەی گەشتەکە دەبێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ دروستکردنی پەیوەندیی ئاسیا و سەرۆکەکەی بۆئەوەی پرۆژەی وەرزشی ئەلهەدەف گەورە و فراوانتر بکرێت و لە داهاتوویەکی نزیکدا ببێتە گوندێکی وەرزشی پێشکەوتوو تا بتوانین بە هەموو لایەکمان ستادیۆمێکی گەورە و مۆدێرنی تێدا دروست بکەین و هەموو چالاکییە وەرزشییەکانی خۆمانی لەسەر بەڕێوەببەین، بەوکارەش شاری هەولێری پایتەخت دەبێتە خاوەنی گەورەترین ژێرخانی وەرزشی و ئێمەی وەرزشوانیش لە سایەیدا دەحەسێینەوە و باشتر بایەخ بە چالاکییە وەرزشییەکانمان دەدەین.

*** سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان**

# هاوار مەلا محەمەد: هەموو یاریزانێکی باش حەز بەیاریکردن لە یانەی هەولێر دەکات

**هەولێر - محەمەد کارێزی:**

یاریزانی پیشەوەری کوردی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێراق هاوار مەلا محەمەد ئاشکرایکرد کە حەز دەکات لە ڕیزی یانەی هەولێری پاڵەوانی سێ وەرزی ڕابردووی ئێراق یاریی بکات.

هاوار مەلا محەمەد ئەستێرەی هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێراق ڕایگەیاند، شانازی و زۆر دڵ خۆشم کە توانیومە بۆ ماوەی حەوت ساڵە وەک یاریزانێکی کورد لە هەڵبژاردەی ئێراق یاریی دەکەم، هەروەها هیوا و حەزی من ئەوەیە کە ڕۆژێک بێت ژمارەیەکی زۆری یاریزانانی کورد بتوانن لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی ئێراق ببیندرێن و خزمەت بەناوی کورد بکەن.

هاوار گوتی: ئێمە لە ڕووی دەروونییەوە زۆر باشین و ئامادەین هەر بۆیە دەبێت ناوبانگی خۆمان و دڵی هاندەرانمان لە کێبڕکێکانی داهاتوودا خۆش بکەین و هیواشم زۆرە کە تۆپی پێی ئێراق بگاتە ئاستێکی باڵا.

ئەو یاریزانە پیشەوەرە کوردەی هەڵبژاردەی ئێراق لە بارەی ڕاهێنەری ئەڵمانی نوێی تیپەکەیان ڕوونی کردەوە: سیدکای ئەڵمانی ڕاهێنەرێکی زۆر شیاوە بۆمان، ناوبانگێکی زۆری هەیە لەبەر ئەوەی ئەنجامەکانی لە وڵاتانی کەنداو باش بوون، ئەوەی من خولیام هەیە سەرکەوتنیەتی لە کارەکەیدا و گرنگی بدات بەیاریزانە پیشەوەرەکان.



هاوار مەلا محەمەد جەختی لە حەزی خۆی بۆ یاریکردن لە ڕیزی یانەی هەولێر کردەوە: دوای ئەوەی کێشەم لەگەڵ یانەی پیرۆزی ئێران بۆ دروست بووە ئێستا دوو یانە پەیوەندییان پێوە کردووم یەکیان یۆنانیە و ئەوی تر قوبرسی، هەروەها زۆر حەز دەکەم کە لە یانەی هەولێر یاریی بکەم و خزمەت بەناوی کورد بکەم و هەموو یاریزانێکی باش ئێستا حەز دەکات یاریی بۆ یانەی هەولێر بکات لەبەرئەوەی لە هەموو ڕووییەکەوە بێ کەموکوڕییە.

هاوار مەلا محەمەد لەگەڵ هەڵبژاردەی ئێراق نازناوی تاسی وڵاتانی ئاسیای بەدەست هێناوە لە 2007 دا و بەشداری کردووە لە تاسی پارزەوینەکان لە ئەفریقای باشوور 2009، لە یانەکانی پیرۆزی ئێرانی و ئاسۆ ڕیسی قوبرسی و عەینی ئیماراتی و قوە جەوییە و شورتە و موسڵ لە ئێراق یاریی کردووە.

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سەرنووسەر
نەژاد عزیز سورمێ
nazhad@xebat.net
سەرپەرشتیار
هاوار مورتکەیی
Mob:0750 447 5407
hawarmurtkaee@yahoo.com
چاپخانەی موکریانی